

# دواین گەڵای ئەرخەوانی

ئارام یاسین



**ناوی کتێب: دواین گەڵای ئەرخەوانی**

**بابەت: شیعر**

**نووسەر: ئارام یاسین**

**تایپ و دیزاین: ئارام یاسین**



## ووتەیەك:

زۆرجار من ووتوومە, نیگەرانی و کێشەی مـن لەگـەڵ ئەو خوێنەرانەیە کەوا لە مەبەستەکانی شیعر ناگـەن, بـە تایبـەتی ئـەو ڕەخنەیـەم زۆر ئاراسـتە دەکرێـت کـە گوایـە بەشـێك لـە هۆندراوەکانم ناکۆکە لەگەڵ بنەماکانی ئاین, جا بۆ ئەوەی خـۆم لە شیکردنەوەی دێر بە دێری نووسراوەکانم بە دوور بگرم, وا بە چاك دەزانم ئەو خوێنەرە بەڕێزانە نووسراوەکانی من نەخوێننەوە.

من بۆ هەموو هۆندراوەکانم کات و شـوێنی نوسـینیانم گوزارشت کردوە, بۆیە دەڵێم بیرۆکە و سـەرەتای نووسـینی ئـەوە تێکستانە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵی 2009، کاتێ لە گەشتێکا بووم لەناو شەمەندەفەر لە نێوان وولاتی (ئیتالیا و سویسرا ).



هەمیشە پێشکەشە بە تۆ



# دواین گەڵای ئەرخەوانی

**ئارام یاسین**

2011



ئەی شاپەری خەیاڵی من
ئەی ناسکتر لە خونچەی گوڵ
سوجدە دەبەم بۆ جوانی تۆ
تۆ دەپەرستم



هێندە دوورم لە تۆ گیانە

نازانم چۆن بگەم بە تۆ

بێ هێز و لەرزۆك داماوم

داماوم بۆ خۆم



**خەمبار و پەشێوە حاڵم**

**ساڵ و مانگت بۆ دەژمێرم**

**چاوەڕێم کە ڕۆژێ بێیت و**

**بێیتەوە بۆ لام**



سینەی پڕ ئاه و حەسرەتم

سارد و سڕ, بەفرلیٚ نیشتوو

دەناڵێنیٚ بۆ گەرمی لەش

گەرمی لەشی تۆ



چاوم بینایی تیا نەما
لە شوێن ئەشکا خوێنی باراند
خوێنی باراند بۆ بەختی ڕەش
بەختی ڕەشی خۆم



هێندە هاوارم کرد گیانە

ئاوڕێ بەرە لە ژینی من

بزانە من چەند بێ نازم

بێ نازم لە ژین



دەوەرەوە, ئەی شەنگەکەم

ئەی پەلکەزێڕینەی حەوت ڕەنگ

دابباریێ بە نێو ناخما

ناخی گەرمەسێر



شەوان لەگەڵ ئەستێرەکان
دێمە دوان تاکو بەیان
دەکەم باسی جوانی نیگای
نیگای شۆخی یار



تەنیایی دەوری تەنیوم

بێ تۆیی نابینای کردووم

لە چاوما حەرام بووە خەو

خەو و ژیانم



نامۆ بوومە لە زێدی خۆم
نیگەرانم لە بوونی خۆم
نازانم تاکەی بناڵم
بناڵم بۆ تۆ



بۆ جێتهێشتم لەم هەوارە
تاڵی دووریت, مەرگە گیانە
کەی دێیتەوە نێو باوەشم؟
باوەشی تارم



گەر بێیتەوە ئەمجارەیان
لە باوەشی خۆم دەتگرم
شەوانە دەتشۆم بە شیعر
شیعری نەرم و نۆڵ



بۆ دیدار و دیدەنی تۆ
دڵم وا لە سەمادایە
سەرخۆش و مەست و حەیرانم
حەیرانتبم گیان



ڕوخساری پاك و جوانی تۆ

لە پێش چاوما قەد وون نابێ

لە جوانی چەشنی ڤینۆسی

ڤینۆسیماڵمی



بێ کەس و بێ حاڵم خوایە
دوور لە دۆست و ئازیزانم
شێت و دێوانەی شەمێکم
شەمی ژیانم



بیَ نەوامە, نازان مەکە
دڵشکاوم لۆمەم مەکە
ڕێبوارم, توێنوی عشقێکم
عشقێکی ناسۆر



یەکەم نیگای سەرپێی یار
بوو بە گرٍکان, دڵمی هەژاند
داگیری کرد سەرتاپای دڵ
دڵی پڕ زوخاو



لەم هەوارە ئۆقرە ناگرم
لەم بەهەشتە هەدانادەم
تۆی تیا نەبێ، وێرانە
وێرانە گەردوون



له نەو بەهاری تەمەن بووم

گەڵای سەوزت هەڵوەراندم

ئەوینت بوو بە خەزانێ

خەزانی لاویم



پەشیمانیم لە ناسینت
پەشیمانیم لە بینینت
گەر چی پێت نەبەخشیم خۆشی
خۆشی هەتایی



ئەوینی تۆ دەریاییێ بوو
زۆر شەپۆلی بۆ هێناوم
منی فڕێدا لەم دوورگە
دوورگەی مەنفا بوون



هێندە سەرکێشیم کرد بۆ تۆ
وامزانی عشقت خەزنەیە
خەزنەی تەمەنی لێ بردم
لێ ی بردم عشقت



ڕوحم خەڵتانی خوێنە
گشت جەستەم زام و برینە
هێندە نەخۆشم وا کەوتووم
کەوتوومە لێرە



کۆترێکی باڵشکاوم
هێلانە لیٚ تێکدراوم
ڕێبوارێکی وێلگەردم
وێڵگەرد و تەنیام



له نێو بەهاری دڵما

تەنیا هەر تۆ شاگوڵمی

شاگوڵی هەست و سۆزمی

سۆزی ئیلاهی



به فرمێسکی چاوەکانم
خەندەی لێوت مەپشکوێنە
تاوانبار نیم, من عاشقم
عاشقی تۆمە



که بێدەنگم وا هەست نەکەی

تاوان لە ڕووما دەتکێ

تاوانبار نیم, سەیرکە حاڵم

حاڵم پەشێوە



ساتەوەختی فیراقە ئێستا

خوێن لە چاوما دەبارێ

لە بەدبەختی خۆم ناشمرم

ناشمرم وا زوو



تەمەن ڕۆیی, چیم بۆ نەما
تا لەگەڵ خۆم بیلاوێنم
گرفتارم لە خەم و ئازار
ئازاری ڕوحم



ساڵانێك بوو, عاشقی تۆ بووم
هەر چاو لە ڕێ ی ژوانت بووم
ژوانی ژێر سایەی نازت
نازی لێ بردم



چیم نەما پێشکەشی تۆی کەم

ئەوەی هەمبوو, دڵ و ڕوح بوو

بێ دڵ و بێ ڕوح واماوم

واماوم بۆ تۆ



ئێواران دەمی زەردەپەڕ
خەمی ئاسۆ دەگرم لە خۆ
دەزانم چەند بە ئازارە
ئازاری فیرقەت



وەرە وەکو ڕێژنە باران
دابباریٚ بەنێو ناخما
سەوزکەوە دڵی کەنجیم
کەنجی با بردووم



من پێم ووتی لێم ببوورە
بەرگەی ئازاری تۆ ناگرم
چیت لێم دەوێ, بەس تۆ بێژە
بێژە, بۆت دەمرم



خاشاك و خۆڵی ژێر پێی تۆ
مرواری دەریای ئەوینە
ئەوینی تۆیە سەرچاوەی
سەرچاوەی ژینە



بۆم ناکرێ لەمە زیاتر

لە دووریتا سەربەست بژیم

هۆگرتم، پڕ بە دڵم

پڕ بە دڵ دەگریم



تۆ هەموو گاڤ لە گوڵ دەچیت

سوور و زەرد و وەنەوشەیی

ڕوناهی دێنی بۆ مەنزڵ

مەنزڵی چۆڵم



بەسە چیتر, لێم مەپرسە
مەڵێ چەندە خۆشمتدەوێ
خۆشەویستیت دەریایەکە
دەریایی بێ سنوور



عشقی تۆ خەڵوەتگامە
میحرابی پاکی ئیمانمە
پیرۆزترین قیبلەگامە
قیبلەی دڵداری



چەشنی منداڵێکی ساوا
ڕوحم ئاڵودەی تۆ بووە
گەرمم کەوە بە هەناسە
هەناسەی گەرمت



ڕازەکانم وەك خۆی ماون

سادە و ساکار بەجێ ماون

لەژێر دەواری برژانگی

برژانگی چاوان



خەمی دووری و بیٚ تۆیی تۆ
زامێکە لە نێو دڵمایە
چی ڕوودەدا گەر کەرەمکەی
کەرەمکەی بۆ لام



دواین گەڵای ئەرخەوانیم

وا بۆ تۆ هەڵدەوەرێنم

تازە مەحاڵە گوزەرکەم

گوزەرکەم بێ تۆ

## ئارام یاسین



* قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردوە.

* هەڵگری بروانامەی بەکالۆریۆسە لە زانستی کۆمپیوتەر، کۆلێژی زانست، بەشی زانستی کۆمپیوتەر، زانکۆی دهۆك، ساڵی 2005.

* هەڵگری بروانامەی دبلۆمی باڵایە لە سیاسەتی گشتی و کارگێری " Public Policy and Management “ لە زانکۆی KDI لە وولاتی کۆریای باشوور، ساڵی 2007.

* لە ساڵی 1999 وە شیعرەکانی لە رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەرە ئەلکترۆنیەکان بڵاودەکاتەوە.

Email : aram_yaseen@yahoo.com



## بڵاوكراوەكانی شاعیر

1-ئەشكەكانم بوون بە گژلووك, شیعر, دهۆك 1999−2004

2- سەمفۆنیای مردن, چامە شیعر, دهۆك, 2004

3-نەفرەت لەو ساتانە دەكەم, شیعر, هەولێر 2004 -2006

4-سارانگ هێیۆ, شیعر, كۆڕیای باشوور 2006 -2007

5- لە پەنجەرەی ژوورەكەما, هەولێر 2009

6- دواین گەڵای ئەرخەوانی, (ئیتالیا-سویسرا, هەولێر ) 2009-2011